ئەنجومەنی وەزیران بەیاریدا ڕۆژانی پێنجشەممە و یەکشەممەی داهاتو بکاتە پشوی فەرمی

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەیاریدا ڕۆژانی پێنجشەممە و یەکشەممەی داهاتو بکاتە پشوی فەرمی، جگە لە وەزارەتی پەروەردە و فەرمانگەکانی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕاویکردەوە، لە کەبونەوەی ئەمڕۆدا بەیادرا ڕۆژانی پێنجشەممە (15ی ئایار) و یەکشەممە (18ی ئایار) بکرێنە پشوی فەرمی لە سەرجەم فەرمانگە حکومییەکان لە بەغدا، جگە لە وەزارەتی پەروەردە و فەرمانگەکانی کە ڕۆژی یەکشەممە دەوامی فەرمی دەبێت.

ڕاگەیاندنی دو ڕۆژ پشو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بەهۆی بەڕێوەچونی لوتکەی عەرەبییەوەیە لە بەغدای پایتەخت لە ڕۆژانی 15 و 17ی ئەم مانگەدا.